# باشترین سەرۆک        ئەحمەد دەشتی

باشترین سەرۆک سەرۆکێکە
بۆ وەلات و خەلکی خۆیا بەختەوەری وەدی بێنێ
باشترین مرۆڤ ئەوکەسەیە
لە ڕێی گەل و وەلاتی دا گیان دادەنێ و
سەربەستی و سەربەخۆیی نیشتمانی وەدی دێنێ
مرۆی پاک و گەورەو مەزن ئەو مرۆڤەیە
کە قەت سەری بۆ دوژمنان نەنەوێنێ
جوانترین پەیڤ ئەو پەیڤەیە
خۆشەویستی  لەناو هەست و دڵ دەڕوێنێ
باشترین ژیان ئەو ژینەیە
کەسەربەرزو وەفادارە لە ڕێی گەل و نیشتمان دا
جوانترین گولیش چەپکەگولی سەربەستییە
بۆسەرگۆڕی شەهیدانی نیشتمانا
باشترین سیما ی ڕەنگین و جوان
تابلۆیەکە هەست و دڵی خۆشەویستی ببزوێنێ
زشت ترین کارو پەیڤ و هەستیش ئەوانەنە
کە بۆ دوژمن پێشکەش دەکرێ و خیانەتە و
لە ڕێی نەیار بە کار دێندرێ
پەسترین پەیڤیش ئەوپەیڤەیە
کە دڵی خەلک دەروژێنێ و
دوبەرەکێ و دژ بە یەکتر وەدی دێنێ
پەست ترین مرۆڤ  ناکەسێکە کەژیانی خۆی
لە ڕێی دوژمن سیخوڕانە بەکار دێنێ
بژی چاکەو جوانی و هەموو خۆشەویستی
بمرێ زشتی و ناپاکیی ویەک نەبوون و ژینی پەستی
*